# تره‌كتۆر

نووسینی: محه‌مه‌دفه‌ریق حه‌سه‌ن

ئه‌وا ئه‌م ئێواره‌یه‌ش له‌گه‌ڵ زه‌رده‌په‌ڕدا گه‌ڕایته‌وه ماڵ.. ماڵ، حه‌مه عه‌لی دڵنیایی به مرۆڤ ده‌به‌خشێ.. تێایدا هه‌ست به په‌نا و سایه ده‌كا.. ماڵ و ده‌یان یادی شیرین و تاڵ.

ماڵ، به ڕووبه‌ر و ژماره‌ی نهۆمه‌كانی نییه.. هه‌ن ماڵیان وا به كوڵیانه‌وه و به كۆشكی شاهانه‌ی ناگۆڕنه‌وه.. هه‌رچییه‌كیان هه‌یه وێنه‌ی هێلكه شه‌یتانۆكه داویانه به‌سه‌ر پشتیاندا.. ئه‌گه‌ر لێت دابڕین ئیدی گیان ده‌سپێرن.. شڵپێ ئاوت به چاوته‌وه دا. پێجامه‌كامت كردوونه‌ته به‌ر و له‌سه‌رخۆ به‌ره‌و به‌رده‌رگه‌ی ده‌ره‌وه ده‌جووڵێی. به پێش تووه‌كانی به‌ر ماڵه‌كه‌تا دێیت و ده‌چی.. ئه‌وا له‌ته بلۆكێكت نایه ژێر خۆت و پاڵت به‌قه‌ده‌ی دارتوویه‌كه‌وه دا. زه‌رده‌ش له لق و پۆپی تووه‌كان ده‌دا. به‌رده‌مت شه‌قامێكی جه‌نجاڵه و وا به دامێنی گردێكه‌وه.. چاوت لێیه دوو هه‌رزه‌كار ده‌مه‌ته‌قێیانه.. هه‌ر كه ئوتومبیله‌كان نزیک ده‌بنه‌وه ده‌نگیان به ژێره‌وه ده‌بێ.. سه‌رنجی جم و جووڵی سه‌ر شه‌قامه‌كه ده‌ده‌ی.. منداڵێكی پۆشته‌ی پایسكل سوار تا ئه‌وسه‌ر داژوێ و ده‌گه‌ڕێته‌وه..

وا پیره‌ژنێک لای پاینه‌وه سه‌ریهه‌ڵدا. گورج و گۆڵ. له ژێر سه‌رپۆشه سپییه‌كه‌یه‌وه، به سركه‌یی سه‌ری به‌ستووه. ئه‌گریجه‌ی به‌فرین تا كۆتایی چه‌ناگه‌ی شۆڕبۆته‌وه. سوخمه‌ی ئه‌تله‌سی شین، به‌سه‌ر كراسێكی ڕه‌شی ئاوداماندا. فه‌قیانه‌كانی گرێداون و كردوونییه مل. له پاڵێمی كراسه‌كه‌یه‌وه، لاسیكه ڕه‌شه‌كانی پێی، له‌كاتی هه‌نگاو نانا، به‌رده‌وام ئاشكرا ده‌بن و ون ده‌بنه‌وه. بن دیوار و بن دیوار دێ به‌ڕێوه و ترپه‌ی پێی نایه.. تۆ چاوی لێ ناترووكێنی و ئه‌ویش ورده‌واڵه فرۆش ئاسا، سه‌رنجی ده‌رگه‌ی ماڵه‌كان ده‌دا.. هه‌تا نزیكتر بێته‌وه پتر به‌ره‌و دڵه‌ڕاوكێ كێشت ده‌كا.. هه‌سته تێكئالاوه‌كانی ناختی زه‌وت كردووه.. ئێستا له‌ئاستی یه‌كێ له دراوسێكانتا وه‌ستاوه.. لێی ده‌پرسێ. دیاره زوو وه‌ڵامی ده‌ستگیربوو، بۆیه جوولا و هه‌وراز به‌ره‌و لای تۆ هه‌ڵده‌كشێ.. چه‌ند هه‌نگاوێكی ماوه بتگاتێ.. هه‌ڵساویته سه‌رپێ.. خۆت ده‌ته‌كێنی.. سه‌رنجی ده‌ده‌یت و له‌به‌ر خۆته‌وه ده‌دوێی:

" كوڕه خۆ ئه‌وه دایكمه، ئه‌وه‌تا به ده‌رزییه‌ک یه‌خه‌ی كراسه‌كه‌ی هێناوه‌ته‌وه یه‌ک، له سه‌ر ئه‌ویشه‌وه به ده‌رزییه‌كی دی سوخمه‌كه‌ی قایم كردووه، ئه‌ی چه‌ناگه خاڵاوییه‌كه‌ی، كوا كراسه‌كه‌ی ڕه‌شی ساده‌یه، ئه‌وه نییه جێ جێ، یه‌كی به ئه‌ندازه‌ی كه‌لا شووشه‌یه‌ک گوڵی سووری تێدایه، باشه به‌م دره‌نگ وه‌خته چی دایكمی گه‌یاندۆته شار، ئه‌دی بۆچی به پێ ده‌یكوتێ، خۆ دوێنێ هه‌واڵم زانی.. وتیان ناوچه‌ی ئه‌وان ئارامه و ناڕه‌حه‌تییه‌كیان نییه. داخۆ چی له دراوسێكه‌مان پرسیبێ، بڵێی ماڵه‌كه‌می لێ تێكچووبێ و نه‌چێته‌وه سه‌ری، ئه‌ی بۆ ته‌نیایه و باوكمی له‌گه‌ڵدا نییه... "

ده‌ته‌وێ وه‌ک جاری جاران به په‌رۆشه‌وه به‌ره‌وپیری بچیت و ده‌ستی ماچ بكه‌ی.. هه‌ركاتێ ده‌ستی زیاره‌ت ده‌كه‌ی، ئه‌ویش لاملت ماچ ده‌كا و نه‌ختێكیش بۆنت پێوه‌ده‌كا.. له‌گرانایی ئه‌م هه‌ڵوێسته، چاوه‌كانت زه‌ق كراونه‌ته‌وه و هه‌ناسه‌ت توند و زارت له سه‌رسامیدا به‌ش!.. به سه‌ردانێكی ناوه‌خت و كوت و پڕی ده‌زانی.

* *

له‌و سه‌ری شه‌قامه‌كه تره‌كتۆرێ ده‌ركه‌وت. عه‌ره‌بانه‌كه‌ی له به‌سته‌كه نوێن سیخناخه.. دۆڵابی كۆن و به‌رمیلی ئاو.. پیره‌ژنه‌كه گه‌یشته ئاستی حه‌مه‌عه‌لی و وچانێكی دا.. حه‌مه‌عه‌لی باوه‌شی بۆ كرده‌وه و به‌ره‌وڕووی چوو.. ویستی په‌لاماری ده‌ستی بدات و ماچی بكا، كه‌چی دایكی، وێنه‌ی جاری جاران بۆ ده‌ست و مۆچ و ده‌ست له ملانی به په‌رۆش نه‌بوو!.. به‌ڵكو له سه‌رخۆ لێی پرسی:

ـ كوڕه شیرینه‌كه‌م، له‌م گه‌ڕه‌كه‌دا، ژوورێكی چۆڵ شک نابه‌ی؟

حەمە عەلی حەپەسا و دەستەکانی شل بوون. ئەویش چاوەڕوانی وەڵام بوو.. ترەکتۆرەکە لەسەرخۆ دەهاتە ڕێوە..تەنیا شوفێرەکەی بەسەرەوە بوو.. لە عەرەبانەکەیدا پنە، خورج و هۆڕ و لە قوڵینەیەکدا سێ چوار مریشکی کوردیی پەل بەستراو هەڵدەبەزینەوە.. حەمە عەلی لەتاسەوە چوو.. لە بەرخۆیەوە دەدوا:

"بەڵام ئەم پیرەژنە لە دایکم گورج و گۆڵترە، نە پشتی چەمیوە و نە چاوەکانیشی کوت و کوێر بوون، ئەوەندە نەبێ پەڵەی ڕەش دەوری چاوە نێرگسییەکانی تەنیوە و لێوەکانی وشک هەڵاتوون..."

پیرەژن دوو دانە مرواریی ئارەقە بە ڕوومەتە چرچەکانیدا دادەخزان. کەمتر چاوەکانی دەترووکان و لە حەمە عەلی ورد دەبۆوە. دەیویست نیگەرانییەکەی بشارێتەوە.. وەک بیر بکاتەوە، حەمە عەلی سەری بۆ ئاسۆی چڵکن هەڵبڕی. بەڵام بیرکردنەوەش کات و کەشی خۆی پێویستە.

ـ بۆ خۆم و ئەم کوڕەزایەم، تەنیا دوو کەسین.

ئەم ڕوون کردنەوەیەی داپیرە، سیخورمەیەک بوو بۆ بندەستی حەمەعەلی و بەئاگای هێنایەوە. حەمەعەلی تائەو کاتەیش هەستی بەکوڕەزاکەی نەکردبوو. هەناسەیەکی قووڵی پەنگ خواردووی بەباداو زانیی داپیرە چی لێقەوماوە.. ئەم کۆچە درەنگ وەختەی داپیرە، تابلۆی هاوڕێ هونەرمەندەکەی هێنایەوە یاد، کە بەشوێن زنجیری شۆڤڵ دەست پێدەکات.. لە پاینی دێوە، شوێن زنجیری شۆڤڵ ڕاست و چەپ تێکپەڕیون.. جێ فڵچەکان تووڕە و پێکدا هەڵپژاو.. هونەرمەندەکە گرنگی بە چەند بابەتێ داوە و بە ئاشکرا دەریخستوون.. لەوانە تەنەکەیەک ڕەشە ڕێحانە.. کاتی خۆی جێیەکی بەرزی هەبووە، تاکو سەرنجی ڕێبوار و هامشۆکەر ڕابکێشێ.. دیارە بە دەست و پەنجەی کچە عازەبێک داچێنراوە و ئێستاش قڵپ بۆتەوە. تەڵە ڕێحانەکان سیس و ژاکاو و تێکەڵ بە خێزەرەی گوێسوانە بوون.. لە لایەکی دیکەوە هێلانەیەکی پاساری، لەگەڵ دارو پەردوودا کەوتوونەتە سەر زەوی و پووش و پەڵاشی هێلانەکەیش پەرش و بڵاو. دایکە پاساریش بەرز، بە کەساسییەوە بۆ هێلانەی وێران و دارووخاوی دەڕوانێ. دار توویەک وەک کەوتبێتە بەر هێرشی گەرداوێکی تووش، لە بن و بێخ دەرهاتووە. سەگێک کلکی بەنێو گەڵیدا کردووە و ئازار و ترسی پێوە دیارە. ئەم سەگە بەدیار دووەدەرییەکەوە، کەتەختی زەوی بووە هەڵتروشکاوە. ئەم سەگە بەئەمەکە و ڕەو ناکات.. نانی ئەو دەرگەیەی خواردووە.

جووتێ مراویی نێر و مێ، کە دوای ئەم بەسەرهاتە لەچەمەوە گەڕاونەتەوە و بەسەر چۆڵەوانیدا کەوتوون، ملیان درێژ، پەڕەکانیان گیف، چاوەکانیان سوور.. ڕێ دەرنابەن و هەوارگەی خۆیان بۆ نادۆزرێتەوە.. لەوە دەچێ لە مراویی ماڵییەوە بووبن بە کێویی. لە سەرو هەموو ئەمانەیشەوە، ئاسمانێکی لێڵ، بەزریان و هەور و هەڵڵا..

حەمە عەلی چەند سەری هێنا و سەری برد، بۆ کۆچی ناوەختی داپیرە، ژوورێکی چۆڵی لە گەڕەکدا شک نەبرد.. هەستی بە بێ دەسەڵاتی کرد و لەبەر خۆیەوە کەوتە منگە منگ: " تۆ بزانە ،هەندێ جاران مەردم چەند گیانی چاکە خوازی و فریاگوزاریشی تێدابێ، هێشتا هەر لە بەشداری کردنی خەمی خەڵکی بەولاوە هیچی دیکەی لەدەست نایە..."

داپیرە زانی هیچی لێ هەڵناکڕێنێ. ئاوڕێکی لە ترەکتۆرەکە دایەوە. بەسەر هێمایەکی بۆ مناڵەکەیش کردو پێی وت:

ـ بێ بەڕێوە داپیرە لەدەورت گەڕێ!

* *

چەند مرۆڤێکی هەست و دڵ ناسکی حەمە عەلی؟!.. لەو جۆرە کەسانەی بە وشەیەکی خۆش دەکەونە قاقای پێکەنین و هەر هەناسەیەک پاشتر بەدیمەنێکی ناجۆر دەدەنە پرمەی گریان.

وا کوڕەزاکەی کەوتۆتە خۆی و پێ بەپێی داپیرەی ڕێ دەکا.. تاو ناتاوێکیش ئاوڕ لەمنداڵە پایسکل سوارەکە دەداتەوە. ڕێک لەتەمەنی ئەو منداڵانەدایە کە تۆ ئەلف و بێی کوردییان فێردەکەی.. قژی زەردی کاڵ هەتا بڕۆی، لەدواشەوە هەتا سەرشان.. لەگەڵ هەنگاوناندا، وەک یاڵی جوانوویەکی شێ و لەتاوی غاردا بێ شەپۆل دەدات.. چۆغە و شەرواڵی خاکی. بە پشتوێنی ڕەش؛ توند ناوقەدی جەڕاندووە. جووتێ لاسیکی لەپێ هەڵکێشاوە. کووژەکەیەکی شین لەسەر نێوچاواتێتی، لەتافی هەنگاو ناندا دێت و دەچێ. چاوەکانی بە سەرسامییەوە دەوروبەر

تاقی دەکەنەوە،کەبەو نامۆیە.. جار ناجار ئاوڕێک لە بایسکل سوارەکە دەداتەوە.. هۆشت هەر ها بەلایانەوە و گەلێک باس و خواست لەلا دروست بوون و لەبەر خۆتەوە لێکی دەدەیتەوە:

" سەیری داپیرە کە، وەک ئەو قارەمانانەی کاتێ ڕۆژی ڕەش ڕوویان تێدەکات دەبنە دەریا و لێڵ نابن، نایبەنە سەر خۆیان و بەرگە دەگرن، دەڕوا و دەپرسێ، بەوەدا کە جێ جێ گوڵی سوور وا بەتەختی کراسەکەیەوە ئەوا کوڕەکەی ماوە و هیوای هەر بەوە، دوای ئەوەش منداڵێ هەتیو کەوتبێ هەنگاوی تێکەڵ و پێکەڵ دەنێت و مل بە لارەوە دەگرێ، دیارە ئەم دایکە لە کوڕەکەی هیوا بڕاو نییە، بەڵام بۆچی بەدایکی خۆمی تێگەیشتم، گەلێ جاران چاو بام گەشیش بێ؛ هێشتا هەر ڕاستی بە خاوەنەکەی ناڵێ، هەرچی چۆنێک بێ، دڵم بە لای دایک و باوکە پیرەکەمەوەیە، بۆیە ژیان و بارو دۆخی ئەوان و ئەم کۆچە ناوەختەم لەلا تێکەڵ بوون، چ قەیدی، لەبەیانی زووتر نییە دەچم هەواڵیان دەزانم..."

لە شوێنی خۆت وشک وەستاوی. چاوت لێیە کۆچ و کۆچبار گەیشتۆتە تەوقەسەری گردەکە.. لەسەر پەردەی سپیی خەیاڵت، جارێکی دیکە ئەم دیمەنە، لەگەڵ تابلۆی هونەرمەندەکەی هاوڕێتا تێکەل بەیەک دەبنەوە.. لەگەڵ خۆری دەم کەلدا، داپیرە، کوڕەزاکەی، ترەکتۆرەکە، بە شوێن یەکدا ئاوا بوون و لەمەودای ڕوانینت ونبوون.

حوزەیرانی 1987.

* کاتی خۆی لەلایەن(ب. ژیلوان)ەوە کراوە بە فارسی.

hemefarik@yahoo.dk